## جیاوازی مرۆڤ و ئاژەڵ لە نیزیکی سێکسیاندا

مرۆڤی ژن بە تامەزرۆییەوە شانازی بە مەمکەکانی خۆیانەوە دەکەن. تاقمێکیان بە شێوازێکی سێکسی و بڕێکیشیان بە داپۆشراوی، سینگ و مەمکیان پێشان مرۆڤی پیاو دەدەن. پیاویش بە هەمان شێوە بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی ڕاکێشانی ژن بۆ لای خۆی دەدا. لە دنیای ئاژەڵدا ئەو هەڵس و کەوتانە بە تەواوی نائاشنایە. بۆ زۆربەی بوونەوەری شیردەر جیا لە مرۆڤ ئەو کارە هیچ کارتێکەرییەکی سێکسی نییە و لە نیزیکی سێکسی ئاژەڵەکاندا هیچ ڕۆڵێك ناگێڕێ.

بە هۆی پەرەسەندن کە بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ ڕاست بەڕێگادا بڕوا، هاوکات لەگەڵ ئەویکە پشتی ڕاست بۆوە، بە شێوازێکی بەرچاو سینگی بەرەو پێشەوە دەرپەڕی. کارتێکەری سنگ و مەمکی ژن لەسەر پیاو بە شێوەیەکی ئەوتۆ پەرەی سەندووە کە لەمڕۆدا تەنانەت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی پیاو مەمکی چێکراو و هەڵمساو دروست دەکرێ.

ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بە نیازی دروستکردنی منداڵ نیزیکی سێکسی لەگەڵ یەکتردا بکەن، بۆ ئەو کارە لە هەموو وەرزێکی ساڵ دەتوانن کەڵك وەربگرێ، لە حاڵێکدا ئاژەڵەکانیتر بۆ دروستکردنی بێچووەکانیان تەنیا لە کاتێکی تایبەت لە ساڵدا دەتوانن ئەو کارە بەجێ بێنن. ئاژەڵی مێ تەنیا لە کاتێکی تایبەتی ساڵدا دەتوانن نێرەکان بۆ لای خۆیان ڕاکێشن.

هۆ و لۆژیکی پەرەسەندنی جیاواز لە مرۆڤدا دەلکێندرێ بە بیرکردنەوە و هەستی چێژ وەرگرتن لە ژیان کە بەشێوەیاکی بەرچاو لە بوونەوەرانیتری جیا دەکاتەوە. مرۆڤی ژن لە تەمەنێکی زۆر زوودا ئەو کاتەی ئیتر عادەتی مانگانەی بەسەر بچێ، ئیتر لێهاتووی منداڵ دروستکردنی لە دەست دەدا. جیا لە مرۆڤ و چەند لە بوونەوەرە پەرەسەندووەکانیتر کە بەهۆی گۆڕانکاریی بەسەرداهاتنی هۆرمۆنەکانیان لەپرێکدا ئیتر لێهاتوویی منداڵ دروستکردنیان نامێنێ، زۆربەی

بوونەوەرانی شیردەر تا مردنیان دەتوانن منداڵ بە دنیا بێنن. دیارە بە هۆی پیر بوونیان ڕەنگە ژمارەی منداڵ دروستکردن کەمتر بێتەوە، بەڵام ئەو لێهاتووییەیان تا ڕۆژی مردنیان لەناو ناچێ.

لە حاڵێکدا هەموو چەشن بوونەوەرانی سەر ئەم هەردە لە ئازادی و لە سروشتدا بە ئاشکرایی پێکەوە نیزیکی سێکسی دەکەن، مرۆڤ بە پێچەوانەی ئەوان بە نهێنی و لە جێگایەکی شاردراو ئەو نیازە سروشتییەی بەجێ دێنێ. ڕەنگە ئەگەر مرۆڤیش وەك هەموو بوونەوەرانیتر بە ئاشکرایی لە سروشتدا نیازی سێکسی خۆی بەڕێوە بردبایە، ئیتر ئەو تامەزرۆیی و چاوچنۆکییەی کە بۆتە هۆی دروستکردنی بازاڕێکی گەورەی ئابووری، تێدا پێك نەهاتبایە.

یەکیتر لە جیاوازیەکانی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ لە دنیای سێکس و نیزیکی نیوان نێر و مێ دا ئەوەیە کە بەهۆی پەرەسەندنی تێکنیکی مرۆڤ دەتوانێ منداڵەکەی بەو تایبەتمەندییەی بۆ خۆی پێیخۆش بێ دروست بکا. جا لە چەشنی کوڕ و کیژەوە بگرە هەتا ڕەنگی موو، ڕەنگی چاو و هەموو تایبەتمەندییەکانیتریش.

درێژەی هەیە ...